# گرێبەست کردن لەسەر ئەنجامدانی کارێک دواتر ئەو کارە بدرێتەوە بەکەسێکی تر کە بەکەمتر ئەنجامی بدات

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## موحەمەد صاڵح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز


2012 - 1434

IslamHouse.com

# يتعاقد على الأعمال ويستأجر غيره للقيام بها بأجرة أقل

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# گرێبەست کردن لەسەر ئەنجامدانی کارێک دواتر ئەو کارە بدرێتەوە بەکەسێکی تر کە بەکەمتر ئەنجامی بدات

**پرسیار:** من لە کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری بواری ڕاگەیاندن کار دەکەم کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بەچەند کۆمپانیایەکی تر، کارەکەیش ئەوەیە کە کۆمەڵە کەسێك کە کاریان بەرنامە ڕێژی بواری کۆمپیتەرە کۆمپانیای ئێمە کاری لێ گرتوون پاشان کۆمپانیاکەی ئێمەش بەکرێ ئەم بەرنامە ڕێژانە دەدەینەوە بەو کۆمپانیایانەی کە داوای یارمەتی لەئێمە دەکەن، قازانجی ئێمە لەو جیاوازیەدایە کە لەنێوان ئەو دوو گرێبەستە وەری دەگرین، چونکە ئێمە بەکرێیەکی کەمتر کارەکە لەو بەرنامەڕێژانە وەردەگرین وبەزیاتر دەیدەینەوە بەکۆمپانیاکان، پرسیارەکەم ئەمەیە ئەگەر ئەم کارەی کەمن دەیکەم حەڵاڵ نییە ئایا بەچ شێوەیەك ئەوماڵەی کە تا ئێستا کۆم کردوەتەوە دەتوانم پاکی بکەمەوە، ئایا دەبێت خێرا ئەو کارەم بەجێ بهێڵم یان چاوەڕێ بکەم تا کارێکی تر بدۆزمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من خێزاندارم و چوار منداڵی ووردیشم هەیە، من لەخوای گەورە دەترسم ونامەوێت ماڵێك بخۆم کە حەڵاڵ نەبێت، یارمەتیم بدەن خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە وبەرەکەت بخاتە کارەکانتانەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە .

دروستە بۆ ئەو کەسەی کە کارێکی گرتووە یان گرێ بەستی کردووە بۆ ئەنجامدانی کارێك، خۆی بەزیاتر وەری بگرێت وبەکەمتر بیداتەوە بەکەسانێکی تر، ولەو جیاوازیەی نێوانیان قازانج بکات، مەگەر لەکاتێکدا نەبێت ئەگەر بێتو لەسەرەتاوە گرێبەستەکە لەسەر ئەوە کرابێت کە کەسی یەکەم بۆ خۆی ئەو کارە ئەنجام بدات، یان هەڵبژاردنی کەسی یەکەم یان لایەنی یەکەم بەمەبەست بێت، بۆ نموونە کەسێك بڕاوتە لای خۆشنووس (خطاط) یان (مصمم) ێکێ مەعروف و ناسراو، کە ئەو کەسە کاری ئەو خۆشنووسە یان ئەو (مصمم) ـەی بوێت وبەکەسێکی تر ڕازی نەبێت، لەم کاتەدا ناکرێت ئەو کارە بەکرێ بدرێت بەکەسێکی تر بۆ ئەنجامدانی .

لە کتێبی (کشاف القناع) یش لە (بەرگی ٣ / لاپەڕە ٥٦٦) داهاتووە : ئەگەر کەسێك کارێکی وەرگرت بۆ ئەنجامدانی کە ئەو کارە لەگەردنی ئەودا بێت، بۆ نموونە وەك بەرگدرووی یان غەیری بەرگدروویش هیچ قەیدی ناکات ئەو بەرگدرووە کارەکە بدات بەکەسێکی تر بەکەمتر ئەو کارە ئەنجام بدات، (بەو مەرجەی کاری ئەو بەرگدرووەی یەکەمجار بۆ خۆی مەبەست نەبێت لەکارەکەدا) .

لەم بارەیەشەوە شێخ ابن عثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئەگەر هاتوو کەسێك بەکرێ گیرا بۆ ئەوەی کارێك دیارکراو ئەنجام بدات وئەو کارە خرایە گەردنی ئەو کەسەوە

بۆ ئەنجامدانی، بۆ نموونە ئەگەر پێی ووترا : ئێمە دەمانەوێت هەموو ڕۆژێك ئەم ماڵەمان بۆ خاوێن بكەیتەوە، وهەموو مانگێك ئێمەیش بۆ نموونە صەد ڕیالت دەدەینێ، ئەو كەسە ئەگەر هاتوو ئەو گرێبەستەی قبوڵ كردو پێی ڕازی بوو، دروستە بۆی بڕوات بیدات بەكەسێكی تر ئەو كارە بكات بەكەمتر لەو بڕەپارەیەی كە لەگەڵ خاوەن ماڵەكەدا ڕێكەوتون لەسەری بۆ نموونە بیدات بە پەنجا ڕیاڵ پێی، چونكە ئەم كارەی كە كەسی دووەم ئەنجامی دەدات هەمان ئەو كارەیە كە خاوەن ماڵەكە داوای كردووە، خەڵكیش لەم ڕۆژگارەدا لەم جۆرە كارانە ئەنجام دەدەن، وەك ئەوەی ئێستا حكومەت دەڕوات لەگەڵ كۆمپانیایەكەدا گرێ بەست دەكات بۆ پاككردنەوەی مزگەوتەكان، هەموو مزگەوتێك بەوەندە ڕیاڵ و بەوەندە مەبلەغ، پاشان ئەم كۆمپانیایە دێت كۆمەڵێك كرێكار بەكرێ دەگرێت بەچارەكێك كەمتر لەو بڕە پارەیەی كە لەگەڵ حكومەتدا ڕیككەوتون لەسەری، ئەمە كارێكی دروست وحەڵاڵە، مەگەر كاتێك نەبێت ئەنجامدانی ئەوكارە لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر بگۆڕێت، جا ئەگەر هاتوو ئەنجامدانی ئەو كارە جیاوازی هەبوو لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر ئەوە دروست نییە، بۆ نموونە تۆ ئەگەر بەكەسێكی خۆشنووس بڵێیت كە كتێبی (زاد المستقنع) ت بۆ بنووسێتەوە لەبەر ئەوە كە خەتەكەی خۆشە و باش دەخوێنرێتەوە وهەڵەی كەمترە، زانایان دەڵێن دروست نییە بۆ ئەم خۆشنووسە بڕوات ئەم كارە بەكرێ بدات

بەکەسسێکی تر بۆ ئەنجامدانی، چونکە مەبەست تەنها لەم کارەدا خۆشنوسیەکە نیە بەڵکو مەبەست چەند کارێکی تریشە وەك ئەوەی ئەم کەسە ناوبانگی هەیە لەوەی لەکاتی نووسینەوەدا هەڵە کەمتر ئەکات، و ئیملا وخاڵ بەندی لەوەی دووەم باشترە، چونکە چەند کەس دەبینین کە خەتیان لەخەتی هەموو کەس خۆشترە، بەڵام لە ئیملادا هەڵە زۆر دەکەن، وەك ئەوەی پیتی (ض) لە (غير المغضوب عليهم ولا الضالين) بە پیتی (ظ) دەگۆڕن، ئەمەش بەهەڵەی گەورە دادەنرێت لە ئیملادا، زۆربەی خوێندکاران کاتێك سەیری خەتیان دەکەیت خەتیان خۆشە بەڵام لە ئیملادا هەڵە دەکەن وبنچینەی باشیان نییە، یان بەپێچەوانەوە هەندێك کەس لە ئیملادا هەڵەیان نییە بەڵام خەتیان ناخۆشە و بەناڕەحەت دەخوێنرێتەوە، بەهەر حاڵ ئەگەر هاتوو کاری ئەو کەسە بۆ کەسی کرێ گرتە مەبەست بوو، ئەوا بەهیچ شێوەیەك دروست نییە کارەکە بدرێت بەکەسێکی تر بۆ ئەنجامدانی [الشرح الممتع (١٠/ ٣٩)].

بەم شێوەیە ئەگەر هاتوو ئەو کارەی ئێوە کارەکەی خۆتان مەبەستدار نەبوو لەبەکرێ گرتنەکەدا، ئەوا هیچی تێدا نییە کە کارێك بەکرێیەکی کەم لەکەسێك وەربگرن وبەکرێیەکی زیاتر بیدەنەوە بەکەسانێکی تر، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ڕێگلامە ئیعلامیانەی کە دەیکەن بۆ کاڵا و کەلوپەلێکی حەڵاڵ بێت .

خوای گەورە زاناترە .